Omar Ahmad, H. (2020). Leyla û Mecnûnî Mela Mehmûdî Bayezîdî
(deq, lêkolînewe, berawird). Folklor û Ziman, 1(1), 129-174.
**Wergirtin/received:** 17/02/2020
**Qebûlkirin/accepted:** 01/04/2020
**ORCID:** 0000-0003-1985-9512

# لەیلا و مەجنوونی مەلا مەحموودی بایەزیدی (دەق، لێکۆڵینەوە و بەراورد)

هێمن عومەر ئەحمەد *

## پوختە

ئەدەبیاتی زارەکی لە نێو مێژووی ئەدەبیاتی کوردییدا، جێگە و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بە تایبەتیش ئەو تێکست و مژارانەی کە لە نێو گەلانی ناوچەکەدا بە تورك و عەرەب و فارسەوە بڵاو و جێی بایەخن. لەو سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە « دەستخەتی لەیلا و مەجنوونی مەلا مەحموودی بایەزیدی (دەق، لێکۆڵینەوە و بەراورد)» تێیدا دەستخەتەکە ساغ کراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەی لەبارەوە کراوە و لەگەڵ دەستخەتەکەی سەوادی (حارثی بەدلیسی) بەراورد کراوە. گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە ئەم دەقە لە ساڵی ٧٥٨١هوە بە یارمەتی ئەلیکساندەر ژابای کونسوڵی ڕووس نووسراوە و تا ئێستا ساغ نەکراوەتەوە و چاپ نەکراوە. وێڕای ئەمەش دەقەکە خۆی پەخشانە، ئەگەر چ بۆ دەقی نووسراو یان بۆ دەقی وەرگێڕدراو بگەڕێنرێتەوە، بۆ مێژووی پەخشانی کوردیی کورمانجی لە بەشی داستاندا گرنگی خۆی هەیە و دەبێتە یەکەمین داستانی پەخشان لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیی کورمانجیدا. لە توێژینەوەکەدا دەرکەوت کە ئەم دەقە کاریگەریی زۆری بەرهەمەکەی سەوادی بەسەرەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندیی و شێوازی خۆیشی پاراستووە.

**وشەی کلیلی:** مەلا مەحموودی بایەزیدی، لەیلا و مەجنوون، ژابا، سەوادی، پەخشانی کوردی

## MALA MAHMUD BAYAZID'S MANUSCRIPT OF LAYLA AND MAJNUN (TEXT, INVESTIGATION, AND COMPARISON)

### Abstract

Oral literature has its significant position in Kurdish literature, particularly, the texts and subjects which are well known among Turks, Arabs, and Persians. In this regard, the paper is an analytical paper of Mala Mahmud's script of Layla and Majnun (text, investigation and comparison) in which the script was finalized, the research was written about it, and was compared to the script of Sawadi (Harthi Badlisi). This subject is important in the sense that the text was written in 1857 in co-operation with Alexander Japa (Russian Ambassador), which has not been finalized and published yet. Despite of the text is prose in style, whether referring to written text or translated text, for the history of Kurdish Kurmanji (Northern Kurdish Dialect) in terms of legend has its own importance. The paper concludes that this text was effectively influenced by Sawadi's production; in addition, it has kept its feature and style.

**Keywords:** Japa, Kurdish Prose, Layla and Majnun, Mala Mahmudi Bayazidi, Sawadi

* Dr, Zanîngeha Soranê. Hewlêr-Kurdistan/ Îraq. Herwiha mamosteyê mêvan li Zanîngeha Bingolê. hemin.ahmad@soran.edu.iq, hahmad@bingol.edu.tr

## پێشەکی

پەخشانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ شیعردا مێژووەکەی دوور نییە، بەتایبەتیش لەنێویدا مێژووی وەرگێڕان و گواستنەوەی ئەدەبیاتی زارەکیی بۆ ئەدەبیاتی نووسین لە دوو سەدە تێپەڕ ناکات. ئەو بابەتانەی کە سەدان ساڵ لەنێو ئەدەبیاتی میللەتانی دەوروبەری کورددا بووبوونە کەرەستەی ئەدەبیات و لەنێو ئەدەبیاتی زارەکی و نووسیندا جێگەیەکی دیار و بەرچاویان هەبووە. بەتایبەتی داستان یان چیرۆکی لەیلاومەجنوون لەپاڵ چیرۆکەکانی تری ئەوینداری وەك شیرین و فەرهاد، یوسف و زلێخا بە شێوەی هۆنراو/ نەزم لەنێو دیالێکتەکانی کوردیدا گرانایی خۆی هەبووە. ئەگەر سەرەتاکانی مێژووی ئەو داستانانە بە شێوەی هۆنراو لەنێو کورددا بۆ ئەدەبیاتی گۆران بگەڕێنینەوە، ئەوا لەپاڵ داستانی خۆماڵی وەك مەم و زینی خانی کەم تا زێدەیش لە ئەدەبیاتی کورمانجیدا بایەخ بەو داستانانەش دراوە کە لە نێو گەلانی ناوچەکەدا بەربڵاو و جێی گرنگی و بایەخن.

ئەم توێژینەوەیە بە ناوی (لەیلا و مەجنوونی مەلا مەحموودی بایەزیدی- دەق، لێکۆڵینەوە و بەراورد) توێژینەوەیەکی شیکاریی بەراوردە و هەوڵێکە بۆ نووسینەوەی دەستخەتەکە کە بۆ یەکەم جارە دوای نزیکەی ١٦٠ ساڵ تێکستەکەی بە تەواوی دەخرێتەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەگەر و گومانانەی کە لەسەر دەسخەتەکە هەبوون بەوەی لە زمانی ترەوە وەرگێڕدراوە یان لە بەرهەمەکەی سەوادی/ حارسی بتلیسییەوە وەرگیراوە، ئەمانەش دەخاتە ڕوو و دواتر بە وردی بەش بەشی چیرۆکەکە لەگەڵ بەرهەمەکەی سەوادی بەراورد دەکات، بەراوردەکەش پشتی بە ڕێبازێکی دیاریکراو نەبەستووە، بەڵکو وەك بەراوردێکی وەسفی، خاڵە هاوبەشەکان دەستنیشان دەکات و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ڕاستە ئەم بەسەرهاتەی لەیلا و مەجنوون وەرگیراوە و وەرگێڕدراوە، بەڵام زۆرتر کەوتۆتە بن کاریگەریی بەرهەمەکەی سەوادی و لەوێوە لە هۆنراو/ نەزمەوە کراوەتە شێوەی پەخشان.

ئەم بەرهەمە لە ئەرشیڤی ئەلیکساندەر ژابا پارێزراوە و گرنگییەکەی بۆ مێژووی پەخشانی کوردیی بواری وەرگێڕان هەیە و بەتایبەتیش چ بۆ داستانی بە پەخشان نووسراو، یان چیرۆکی نووسراوی کوردی دەبێتە یەکێك لە دەستپێکەکان. توێژینەوەکە وێڕای ناساندنی دەستخەتەکە، چی لەبارەی دەستخەتەکەوە لەلایەن توێژەرانەوە نووسرابێ خستوویەتیە ڕوو و دواتر لە ڕووەکانی (دەستپێك، کۆتایی، ناوونیشانی بەشەکان، پاساوی کردنە کوردیی بەرهەمەکە، مێژوویەکی هاوبەشی هەردوو بەرهەمەکە و دەربڕینە هاوبەشەکان) خاڵی هاوبەش و وەکیەکی

هەردوو بەرهەمەکەی بە ڕوونی دەستنیشان کردووە. لە کۆتاییشدا چەند ئەنجامێکی نیشان داوە، ئەنجا بە ڕێنووسی ئێستای زمانی کوردی-ئەلفبای ئارامی تەواوی دەستخەتەکە نووسراوەتەوە.

## ١-ناساندنی دەستخەتەکە

ئەم دەستخەتە بە کورتی و ناوەڕۆك تەواوییەوە داستانی لەیلا و مەجنوون بە شێوەی پەخشان دەگێڕێتەوە و هەژدە ناوونیشانی بۆ بابەتەکان تێدایە. مەلا مەحموودی بایەزیدی[1] بۆ خاتری ئەلیکساندەر ژابا[2] لە ساڵی 1274 ی زایینی نووسیویەتی. دەستخەتەکە لە

1 مەلامەحموودی بایەزیدی لە دەوروبەری ساڵی 1797 لە ناوچەی بایەزید لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی توركیا لەدایك بووە، هەروەك لە نامەكەی ژابا كە بۆ سانتپرستبۆرگی ناردووە ئاماژەی بەم ساڵە داوە. هەر لەوێش دەستی بە خوێندن کردووە، پاشان لە تەورێز فێری فارسی بووە، ئنجا سەر لەنوێ هاتۆتەوە شارەکەی خۆی و بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئایینی (حوجرە). بایەزیدی لەگەڵ شكانی بەهلوول پاشای کورد، دووایین میری کورد لە بایەزید، شارەکەی خۆی جێدێڵێ و دەچێتە ئەرزەڕۆم و لەوێ دەبێتە خواجە، پایەیەکی بەرز لەناو نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئەوێ داگیردەکا. لەکاتی ڕاپەرینەکەی بەدرخان پاشای جەزیرە لە ساڵی 1846 دژی عوسمانییەکان، مەلامەحموودی بایەزیدی بەرپرسیارییەکی مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆ ئەویش نێوەندگیری عوسمانییەکان و بەدرخانییەکانی کردووە، بەڵام دواتر عوسمانییەکان بە تۆمەتی ئەوەی کە لایەنگیری میری بەدرخان بووە تۆمەتی خیانەتی دەدەنە پاڵ و زیندانی دەکەن و دواتر بۆ شاری وان ی دووردەخەنەوە. سەرچاوەی دیکە پێی وایە دوای ئەوەی بایەزیدی لە مەدرەسەی خانی لە بایەزید مودەڕیسایەتی دەکات، لە ساڵی 1855 شەڕی عوسمانی و ڕووسان دەقەومێ و لەبەرهەندێ بایەزیدی ناچار دەبێت بەرەو ئەرزەڕۆم کۆچ بکات و لەوێ لەبەر هەژاریی تووشی ڕەوشێکی ناخۆش دەبێت و دوای ئەوەی لە قونسلخانەی ڕووسیا ژابا دەناسێت، ئیدی دەرگای کار و خەباتی بۆ دەبێتەوە.1 شارەزایی بایەزیدی لە بارەی چوار زمانە گرنگەکەی ڕۆژهەڵاتدا هێندە فراوان بووە، کە لەناو نووسەرەکانی شاری ئەرزەڕۆمدا تەنیا روو لە بایەزیدی دەکرا بۆ نووسین بە فارسی یان بۆ وەرگێران لە فارسییەوە بۆ تورکی. لە ڕەوانبێژی و ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و تورکیدا شارەزاییەکی بێ وێنەی هەبووە. قورئانناس، مەلایەکی شارەزا، نووسەرێکی بەتوانا بووە. لە نازناوە ئەدەبییەکانی مەلامەحموودی بایەزیدی: مەحموود ئەفەندی، فەقیرمەحموود ئەفەندی، خواجە مەحموود ئەفەندی،1 مەلا ئەفەندی، حاجی مەحموود ئەفەندی بووە. لە ساڵی 1863 کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (پیربال، 2000، r. 4) و (Öztürk, 2017, r. 19) و (ÖZEL, 2016, r. 171-172)

2 ئۆگست ژابا لە ڕۆژی ٥ی ئابی ساڵی 1801 لە ڤیلنا لە خێزانێکی سەربازیی لەدایك بووە. باوکی ناوی دۆمینیك ژابا (1765- 1848) بووە، کەسێکی دەوڵەمەند بووە و خاوەنی چەندین گوند و ئاوایی بووە. لەناو بنەماڵەی ژابا لە شەش برا پێنجیان لە ریزی ئەفسەری دا بوون. ژابا دوای ئەوەی هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی دەبڕێت، لە 29ی ئایاری ساڵی 1824 دا لە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا سەرەتا وەکو وەرگێڕ کار دەکات، بەڵام ئەم کارەی بە دڵ نابێت و داوا دەکات هەر لە هەمان وەزارەت بیبەتە بەشی ڕۆژهەڵاتییەکان. دوای ئەوەی بە سەرکەوتوویی ئەم بەشە دەبڕێت، لە 2ی نیسانی 1828 دەبێتە وەرگێڕ لە کۆلێژی دەوڵەتیی بۆ کاروباری هەندەران. دوای ئەوەی لە 17ی نیسانی 1830دا ئەرکێکی نهێنی لە یافا پێ دەسپێرن، زۆر سەرکەوتوو دەبێت و لەسەر پێشنیازی دەستەڵاتی سەرووی خۆیەوە لە 21ی نیسانی 1831 دەیخەنە ڕیزی کونسوڵی فەخری. لە دوای تەواوکردنی چەند ئەرکێك لە ئاداری 1832 لە سالۆنیك و ئۆکتۆبەری 1835 لە سمیرنا، لە 21ی ئاداری 1838 وەکو یەکەمین وەرگێر و ڕاوێژکاری کونسوڵگەریی گشتیی رووسیا لە سمیرنا کاردەکات. لە 11ی تەممووزی

کۆلکسیۆنی ژابا بە ناوی kurd 31 هوە پارێزراوە و 87 لاپەڕەیە و هەر لاپەڕەیەك دوو لایە و تەنیا لە لای ڕاستەی نووسراوە و پێدەچێ وەك هەندێ لە دەستخەتەکانی تر لای چەپی بۆ وەرگێڕانە فەڕەنسییەکە بووبێ. لاپەڕەی یەکەم تەنیا ناوونیشانی بە ڕەنگی سوور تێدایە لەگەڵ هەندێ ڕستەی فڕەنسی، ناوونیشانەکەش بەم شێوەیە نووسراوە: **كتاب ترجمة ليلا مجنون تركی بزمانی أكراد و كورمانجی فی سنة 1274.** لە کۆتاییەکەشدا نووسراوە: تمت، ترجمة ليلا مجنون، كوردی، 1274 ، كتبت لاجل مير ژابا بيگ. تەنیا لە لاپەڕە سێ دا لە دەوری لاپەڕەکەدا چەند رستەیەکی فەڕەنسی نووسراوە. ئەگەرنا تا کۆتایی هەر تەنیا کوردییەکە نووسراوە. ئەگەر چی لە دەستخەتەکەدا ناوی مەلا مەحموودی بایەزیدی نەهاتووە، بەڵام بە ڕای ڕۆدنکۆ هی ئەوە (Rudenko,1961, r. 63). ئەم دەستخەتەش لەگەڵ ئەو دەستخەتانەی دراونەتە پاڵ بایەزیدی هەمان دەست و خەتە.

**2- ئەو نووسینانەی لەبارەی دەستخەتەکەوە نووسراون**

لە دوای ئەوەی ئەم دەستخەتە لە سەردەمی ئەلیکساندەر ژاباوە نووسراوە، لە نێو کوردان دا، فەرهاد پیرباڵ لە کتێبی و مەلا مەحموودی بایەزیدی یەکەم چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد لە بەشی بەرهەمەکانی بایەزیدی وەها بەرهەمی لەیلا و مەجنوون



---

1842 دەبێتە ڕاوێژکاری دەربار و لە 22ی ئابی 1846 میدالیای شەڕەف لە بەرامبەر خزمەتی بێ پسانەوەی پانزە ساڵی وەردەگرێت. لە 29ی ئاياری 1848 دا ژابا دەستنیشان دەکرێت بۆ پۆستی کۆنسولی ڕووسیا لە ئەرزەڕۆم و تا هەڵگیرسانی جەنگی قرم هەر لە پۆستی کونسوڵخانەی رووسیا لەو شارەدا ماوەتەوە.

لە 11ی ئاياری 1856 دووبارە بۆ جاری دووەم کرایەوە بە کونسوڵی ڕووسیا لە ئەرزەڕۆم و تا وەکو 27ی حوزەیرانی 1866 هەر لەم پۆستەدا مایەوە. ژابا ماوەی پانزە ساڵ زیاتر لە شاری ئەرزەڕۆم ژیاوە و لەم ماوەیەدا دوو جار وەکو کونسوڵی ڕووسا لەوێدا ماوەتەوە لە نێوان (1848-1853) و (1856-1866) و لەم ماوەیەدا بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی 1859 تا 1866 ماوەی دە ساڵان ژابا توانیویەتی گەنجینەیەکی یەکجار گەورەی زمانی کوردی لە فەوتان ڕزگار بکات و بە یاریدەی زانای گەورە مەلامەحموودی بایەزیدی توانیان کۆمەڵێك دەستنووسی کوردی لە فەوتان ڕزگار بکەن. دەگوترێت ژابا زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی: تورکی، عەرەبی، فارسی و کوردی زانیوە و کۆمەڵە دەستنووسەکانی ژابا بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان 260 دەستنووس بوون. لە کۆی ئەو 260 دەستنووسە تەنیا 160 دەستنووسی ماون و ئەوانی تر ون بوونە کە پێدەچێ زۆربەیان دەستنووسی کوردی بن. لە دەستپێکی ساڵانی هەشتایەکانەوە پیری و نەخۆشی زۆریان بۆ هێناوە و لە نامەیەکدا بۆ یۆستێ لە 12ی ئاياری 1881 دا دەنووسێت: ڕاستییەکەی هێشتا چەند تێکستێکی دیکەی کوردیم لا ماوە، بەڵام ئەفسووس چیتر ناتوانم بە هۆی باری لەشساغیمەوە: لاوازی قاچ، دەست و بیناییم خەریکیان ببم. ژابا لە ژیانیدا دوو ژنی هێناوە جۆزێفین و مۆسترا، ژنی یەکەمی ساڵی 1830 گواستۆتەوە و ساڵی 1848 لە سمیرنا کۆچی دوایی دەکات و لەم ژنە دە منداڵی هەبووە و دووەمینجار ساڵی 1850 لەگەڵ ژنی دووەم هێلێن گیرۆ زەماوەند دەکات و لەویش دە منداڵی دەبێ. ژابا لە 3ی ژانوڤیەی 1894 لە سمیرنا و لە تەمەنی نەوەد و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. بۆ زیاتری زانیاری بڕوانە: (ژابا، 2010، r. 15-16).

دەناسێنێ: چیرۆکی لەیلا و مەجنوون لە 1859 نووسراوە، بەرهەمی خۆیەتی، بە دیالێکتی کرمانجی بە دەستنووسی خۆی. پاشان لەلایەن ژاباوە خراوەتە سەر ئەلفابێی لاتینی و تەرجەمەی فەرەنسی کراوە، لەگەڵ پێشەکییەك بە زمانی فەرەنسی بە پێنووسی ژابا. چڵێکی ئەم دەسنووسە، لە کتێبخانەی لانگزۆ لە پاریس، هەروەها چڵێکی تریشی لە نامەخانەیەکی پێترسبۆرگ لە ڕووسیا پارێزراون. ئەم دەسنووسە کە دەبێتە دووەم چیرۆکی کوردی، لە ئارشیڤخانەی پەیمانگەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە پاریس دۆزیمەوە (پیرباڵ، 2000, r. 7). کەچی لە کتێبی مێژووی وەرگێڕانی کوردی هەمان نووسەر دەنووسێ کە خودی ژابا پێی وایە ئەم چیرۆکە پەخشانییەی بایەزیدی تەرجەمەی داستانێکی/ چیرۆکێکی شیعری فزوولیی شاعیری تورکە کە لە ساڵی 1560 کۆچی دوایی کردووە. بەڵام ڕۆدنکۆ (1926-1976) وای بۆ دەچێ کە گێڕانەوەیەکی پەخشانئامێزی چیرۆکە شیعرییەکەی حارسی بدلیسییە (پیرباڵ، 2002, r. 32). دواتر لە ساڵی 2014 عەبدولرەحمان ئاداك زانیارییەکانی سەرەوە لە ڕۆدنکۆ و پیرباڵەوە وەك خۆی دەگوازێتەوە کە ژابا لەگەڵ پێشەکییەکی فەڕەنسی دەقەکەی بۆ فەڕەنسی وەرگێڕاوە (Adak, 2014, r. 105) و ساڵێك دواتریش پەروێز جیهانی لە ماستەرنامەکەیدا بێ ئاماژەدان بە هیچ سەرچاوەیەك ئەم دەستخەتەی بایەزیدی بە وەرگێڕان لە بەرهەمەکەی سەوادی لەقەڵەم دەدات تەنیا بە هێنانەوەی بەڵگەی دوو ڕستە و ئەو مێژووەی بایەزیدی باسی دەکات کە لەگەڵ مێژووی دانانی بەرهەمەکەی سەوادی یەك شتن(Jahany, 2015, r. 37).

مستەفا ئۆزتورك لە ساڵی 2017 دا لە شێوەی کتێبێك هەموو دەستخەتەکانی نێو کۆلکسیۆنی ئەلیکساندەر ژابای ناساندووە و کە دەگاتە سەر بەرهەمەکەی بایەزیدی بە بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد و پراکتیکی وای نیشان دەدات کە بەرهەمەکەی بایەزیدی وەرگیراوی ڕستە بە ڕستەی بەرهەمەکەی فزوڵییە (Öztürk, 2017, r. 113).

عەبدولرەحمان ئاداك لە وتارێکی تردا لە ساڵی 2018 دا بەراوردێك لە ڕووی ڕێ و ڕێبازی دەستخەتناسییەوە لە نێوان هەر سێ لەیل و مەجنوونی فزولی، سەوادی و بایەزیدی لەنێو ئەرشیڤەکەی ژابادا دەکات و دوای باسکردنی ئەو گەنگەشەیەی کە ئاخۆ بەرهەمەکەی بایەزیدی لە هی فزولی وەرگیراوە یان لە هی سەوادی، سەرناو و دوو بەشی هەردوو بەرهەمەکەی بایەزیدی و سەوادی بەراورد دەکات و وێڕای ئەوەی ئەوە نیشان دەدات کە

سەرناوەکانیان تاڕادەیەکی زۆر لەیەکتر نزیکن، بەڵام ئاماژە بەوە دەدا کە (لەوڕا سەرناڤێن بەشان وەکهەڤ ژی بن، ئیحتیمالا جوداهییا ناڤەڕۆك و ڕێزا خەلەکێن بوویەران هەر هەیە) (Adak, 2008, r. 1212) بۆیە بەشی کۆتاییەکەش بەراورد دەکات و دەگاتە ئەو ڕایەی کە بایەزیدی بەیت بە بەیت بەرهەمەکەی سەوادی کردۆتە پەخشان (Adak hb, r. 1212).

ئەم وتارەی ئاداك بۆ یەکەم جار ئەو دەرگایە بە تەواوی دەشکێنێ و مەسەلەکە یەکلا دەکاتەوە، بەڵام بە تەنیا بەوەندە بەراوردکردنە حوکمی وەرگێڕانەکە نادرێ، هەر لەو سۆنگەیەشەوە ئەم توێژینەوەیەی ئێمە گومانەکان بە یەکجاری ڕۆشن دەکاتەوە و ئەو حوکمە ڕەهایەش بەسەر بەرهەمەکەی بایەزیدی نادات کە بەیت بەیتی کردبێتە پەخشان، بەڵکو زۆرینە وەرگیراوە، چونکە لە کاتی کردنە پەخشانەکەدا هەر هەموو بەیتەکانی سەوادی لە بەرهەمەکەی بایەزیدی ڕەنگی نەداوەتەوە و لەو ڕووەوە ڕەچاوی شێوازی داڕشتنی پەخشان و کورتکردنەوەش کراوە. کە ئەمە لە بەراوردەکەدا لە وشە و دەستەواژەکانەوە قامکی دەخرێتە سەر نەك لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، چونکە بێگومان بەگشتی ناوەڕۆکی هەموو لەیل و مەجنوونەکان لە چوارچێوەی چیرۆکەکەدا دەخولێنەوە و زۆر بە کەمی ڕووداوی لێ کەم و زیاد دەکرێ.



**3-مشتومڕی سەرچاوەی وەرگێڕانەکەی بایەزیدی**

ئەگەر چی وەك لەپێشەوە باسکرا، یەکێ لە گرفتە گەورەکانی دەستخەتەکە نەنووسینی سەرچاوەکەیە لەلایەك و لەلایەکی تریش نووسینی دەستپێکی دەستخەتەکە بە (کیتاب ترجمة لەیلا و مەجنوونی تورکی ب زمانێ ئەکراد و کورمانجی) ئەو گومانە دروست دەکات کە بەرهەمەکە لە تورکییەوە وەرگێڕدرابێ و لەنێو ئەرشیڤەکەی ژاباش بەرهەمی فزوڵی بە شێوەی نەزم هەیە، ئەمە وایکردووە کە ژابا پێی وابێ کت و مت وەرگێڕانەکە لە لەیلا و مەجنوونی فزوڵییەوە بێ. ئەگەر چی دوای ئەوە ڕۆدنکۆ پێچەوانەی ئەمە، سەرچاوەی سەرەکییەکە بە هی سەوادی لەقەڵەم دەدات. دواتر عەبدولرەحمان ئاداك بە وردی ئەو باسە گەنگەشە دەکات و ئەو مەتەڵەی بۆ چارەسەر نابێ کە لە سەرەتای دەستخەتەکەوە وشەی تورکی هاتووە و چاوەڕێی ڕۆژگار دەکات بەڵکو دەستخەتی تر پەیدابن و ڕەوشەکە یەکلابکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لایەنگیری ئەوەیە کە لە سەوادییەوە وەرگیرابێ[3] .

3 لە مژاری پێشوودا ئەمانەمان بە سەرچاوەوە خستۆتەڕوو.

بە بڕوای ئێمە وێڕای ئەوەی لەم توێژینەوەدا بەراوردی بەش بە بەش کراوە و هەموو ڕستە و دەربڕینە هاوبەشەکان خراونەتەڕوو، کە هەندێك جار دێڕە شیعری تەواو وەك خۆی نووسراوەتەوە، بەڵام باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی حسێب بۆ ئەو پەیڤە تورکییە نەکرێ کە لە سەرەتاوە نووسراوە، خودی پێشەکیی دەستخەتەکەیە، کە بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەدا(ئەوی گۆت قەوی مە ئیشتیاق ب لەیلا و مەجنوونێ هەین، لاکین ب زمانێ فارسییە و ئەم لیسانێ فارسی سە ناکن و فەهما مەتلەبێ ناکن، ئەگەر ب هیممەتا وە ئەو لەیلا و مەجنوون ژ لیسانێ فارسی ب زمانێ کورمانجی بێتە تەرجەمە و تەبدیل کرین، قەوی قنج دبتن و کاففەیێ ئەکرادان ژی فەهما مەئالێ ژ وی دکن) (بایەزیدی، 1857 , r. 6). ئەم باسکرنی زمانی فارسی بە دوو جار و پێویستی کوردان بە داستاکە، لەنێو دەقکەدا ئاماژەی ڕوونن کە وەرگێڕانەکە بە هیچ شێوەیەك لە تورکییەوە وەرنەگیراوە و دوای هاوشێوەبوونی دەربڕینەکەیش لەگەڵ نوسخەکەی سەوادی، ئیتر مەسەلەی فزوڵی دادەخرێت و پەیوەندی بە بەرهەمەکەی بایەزیدیەوە نامێنێت.

**4-هاوسەروا (سەجع) ی دەقەکە**

هاوسەروا کە لە ڕەوانبێژیی عەرەبیدا (السجع) ی پێدەگوترێت، هونەرێکی کۆنە و ڕۆڵی گرنگی لە نزیك کردنەوەی شیعر و پەخشان هەبووە، چونکە (قالبی شیعر جیاوازییەکی جەوهەری لەگەڵ قالبی پەخشاندا نییە، هەردووکیان ئەدەبن و لە وشە پێك دێن، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە وشە لە شیعردا خاوەنی ڕیتم و ئاوازە، بەڵام لە پەخشاندا نییەتی. شیعر سەرواداره، سەرواش بەشێکە لە ڕیتم و ئاواز. هەرچی پەخشانە خۆی نەبەستۆتەوە بە سەروا، تەنیا لە هاوسەروا/ سەجع نەبێ (عاصی، 1963، r. 104). لەبەر ئەوە ئەم تێکستەی بایەزیدی وێڕای ئەوەی لە دەقێکی شیعری وەرگیراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆر شوێندا دێڕە شیعری بە تەواوی گواستۆتەوە، لە هەندێك شوێنیش کە تەواو پەخشانە، بەڵام نەیتوانیوە خۆی لە ڕیتمی شیعر دەرباز بکات، بۆیە هونەری سەجعی بە ڕوونی تێدا دەبینرێت. وەك:

(گۆ: ئەی دل و جان داخواز بکە ژ ڕەببێ سوبحان) (بایەزیدی، س. پ , r. 45) دەبینین گوتنەکە بە سەروایەك بۆتە دوو پارچە، کە سەرواکەش لە وشەکانی (جان) و (سوبحان) دایە . یان لە شوێنێکی تردا زۆر بە ڕوونی سەجعەکە نیشان دەدا و سەجع وادەکا دەربڕینەکە ببێتە خاوەن ڕیتم: (گۆ: ژ بۆی تە موتیع و فەرمان بەردارم، دێوانە نەهەم، عەقل تامم، هەر چی کو تو ببێژی، ئەز ڕامم) (بایەزیدی، س. پ، r. 44) دەبینین هەر چوار ڕستەکان بە هاوسەروا کۆتاییان هاتووە. ئەو چیرۆك و داستانە کوردییانەی بە پەخشان نووسراون، زۆر

بە کەمی بۆن و تامی شیعر لە خۆیاندا بەرجەستە دەکەن، ئەم دەقە لە زۆر شوێندا ئەم کاریگەریی شیعرەی بەسەردا دیارە و سەجع وەك جوانکاری و ریتمێکی موزیك خوێنەر و گوێگر بەلای خۆیەوە کەمەندکێش دەکات. وێڕای ئەمەش جارێکی دیکە دەبێتەوە بەڵگەی کاریگەربوون و وەرگرتن لە دەقەکەی سەوادی.

**5-بەراوردکردنی دەستخەتەکە لەگەڵ لەیل و مەجنوونی حارسی بدلیسی (سەوادی)**

دەتوانین هاوشێوەبوون و بەراوردەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕبکەینەوە:

**5-1.دەستپێك**

لەیلا و مەجنونەکەی حارسی بدلیسی کە بە شێوەی نەزم هۆنراوەتەوە، سێ بەشی سەرەتای بریتییە لە دیباجە و سوپاس و ستایشی خودا و پەسنی پێغەمبەر (د.خ)، هەرچی دەستخەتەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدییە بە پەخشان نووسراوە و تەنیا لە سەرەتادا بە دوو خەت سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکات و ئەوە دەهێنێتە زمان کە پێشتر خەڵکی کورد زمان، زمانی فارسی و تورکی نەزانیوە، بۆیە پێویست بووە کە لەیل و مەجنوون تەرجەمە بکرێت و بە کوردی لەبەر دەستی خوێنەرانی کورد بێت.



**5-2.هاوشێوەبوونی ناوونیشانی بەشەکان**

ئەگەرچی نەك هەر لە دەقە کوردییەکاندا، بەڵکو لە دەقە فارسی و تورکییەکانیشدا بەشی زۆری ناوونیشانەکان لە ناوەڕۆکەوە هەڵهێنجراون، بۆیە ئاساییە کە لە دەستەواژە و دەربڕیندا لەیەك بچن. لەم دوو بەرهەمەشدا لە زۆربەی ناوونیشانەکاندا نەك هەر ناوەڕۆك وەك یەکن، بەڵکو زۆر جاران هەمان وشە و دەربڕین دووبارەبوونەتەوە. ئەوەندە هەیە لە بەرهەمەکەی سەوادی دا ناوونیشان زیاترە. ئەمەش لەبەر هەڵکەوتەی زمانی نەزم کە وەسفی زیاتر بەکارهێناوە. بەڵام بایەزیدی هەر تەنیا ویستویەتی واتاکە بەدەستەوە بدات و بە دەگمەن نەبێ خۆی لە قەرەی وەسف نەداوە.

**5-3. پاساوی کردنە کوردی بەرهەمەکە**

بۆ کردنە کوردیی لەیلا و مەجنوونەکە، بایەزیدی هەمان بۆچوونەکەی سەوادی دەهێنێتەوە، کە لەبەر نەبوونی لەیلا و مەجنوونێکی کوردی، ڕوویان لەو ناوە، کە ئەو، ئەو کارە بکات:

پورسی م ژ وێ موورادێ مەکنوون

گۆ: تەرجومەکی ژ لەیل و مەجنوون

مەوزوون بکەری کو ئەم بزانین

لەورا کو ب فارسی نزانین (دۆسکی، 2004 ، r. 42)

لە دەستخەتەکەشدا بەو شێوەیە هاتووە:

ئیجاری ئەوی زاتی ئەحبابی قەوی زێدە ئەبرام و ئیلحاح ل ڤی عەبدی عاجزی کری کو ئەلبەتە: تو ژی تشتەکی ب زمانێ کوردی لازمە کو ببێژی.

من ژ وی زاتی پرسیار کر، کو مەراما وە چییە؟

ئەوی گۆت قەوی مە ئیشتیاق ب لەیلا و مەجنوونێ هەین، لاکین ب زمانێ فارسییە و **ئەم لیسانێ فارسی سە ناکن** و فەهما مەتلەبێ ناکن، ئەگەر ب هیممەتا وە ئەو لەیلا و مەجنوون ژ لیسانێ **فارسی** ب زمانێ کورمانجی بێتە تەرجەمە و تەبدیل کرین، قەوی قنج دبتن و کاففەیێ ئەکرادان ژی فەهما مەئالێ ژ وی دکن.[4]



دەبینین لە هەردووکیاندا ئاماژە بەوە دەدرێ کە داواکارییەکە بۆ وەرگێڕانی لەیلا و مەجنوون لەبەرئەوە بووە کە ئێمە زمانی فارسی نازانین و کارەکە بۆ کوردان باش دەبێ.

**4-5. مێژوویەکی هاوبەش لەنێو هەردوو بەرهەمەکەدا**

هەردوو بەرهەمەکە باسی ڕێکەوتی دەست بە تەرجەمەکردنەکە دەکەن و ئاماژە بەوە دەدەن کە نۆ ڕۆژ دوای نەورۆز دەستپێکراوە. هەرچی دەقەکەی سەوادییە مێژووەکەی بە شێوەی حیسابی ئەبجەدی نووسیوە کە دەکاتە 1172 و هی بایەزیدی ڕاستەوخۆ هەمان ساڵەکەی ئەوی گواستۆتەوە، لە کاتێکدا لە کۆتاییدا خۆی ساڵی نووسینەوەکەی نووسیوە 1274ھ، واتە بایەزیدی 102 ساڵ بە حیسابی ساڵی کۆچی دوای بەرهەمەکەی سەوادی ئەم بەرهەمەی نووسیوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەمان ئەو مێژووەی نووسیوە کە سەوادی بە حیسابی ئەبجەدی ئاماژەی پێداوە، کەچی خانی ڕاستییەکەی نووسیوە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

سەوادی دەڵێت:

4 ژابا، کۆلەکسیۆن، Kurd 31 ، ل 6، بۆ لەمەودوا بە مەبەستی زۆر دووبارە نەبوونەوە لەدوای پەرەگرافی وەرگیراو ژمارەی لاپەڕەکە دەنووسین.

نەهـ رۆز تەمام پاشی نەورۆز

مەنقووش م کر بگین پیرۆز

......

مەغزێ دەڤ و لێڤ و سەعیێ سننە

تاریخ ژ وی لەو ژ مەغزێ سننە (دۆسکی، هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو)

بایەزیدیش وای نووسیوە:

بینائەن عەلەیهی ئەڤ حەقیرە ژی ژ سەری ئیبتیدایی کر ئەگەر چ مە فی الواقیع کەمال تونەبوون، لاکین ب مەسەل شهرەوایی مە ژی دەست پێ کری، نەهـ ڕۆژ د پێ نەوروزێ بیداء پێ بوویی، چونکو ئەڤ لەتایف و مەعاریفنە ژ نەوادیراتێد دەڤ و لێڤ و سەعیا صەدرێنە، لەورانی تاریخا ڤی کتێبی بوویە. ئەڤ لەفزا مغزسینە[5] (1172) یانی ئەڤ ب مەسەل مژیا صەدرێیە. ل6



باس کردنی نۆ ڕۆژ دوای نەورۆز و دەڤ و لێڤ سەعیێ و هێنانەوەی مێژووەکە بەڕوونی و بێ دەستکاری و وەك خۆی، نەك هەر کاریگەرییەکە نیشان دەدەن، بەڵکو دەبێتە نیشانەی ئەوەی کە بایەزیدی ڕاستەڕاست لە سەوادی وەرگرتووە.

**5-5. کۆتایی هەردوو بەرهەمەکە**

کۆتایی هەردوو بەرهەمەکە لەیەکتر جیاوازن، بەرهەمەکەی بایەزیدی بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە لەیلا و مەجنوون بە تورکی و فارسی نووسراوە و ئەمەش وەرگێڕانی زمانی ڕهوەندیی واتە کوردییە و بۆ خاتری میر ژابا بەگ نووسراوە:

ئەڤ حیکایەتا ب زمانی فارسی و تورکی هاتیە گۆتن، قەوی زێدە ڕەنگین و مەقبوولە، ئەڤە ژی تەرجەمەیا لیسانی ڕەوەندییە، کو موختەسەر بەیان بوویە، ئێدی قنج جەنابێ خوەدێ تەعالا ب حەقیقەتێ حالێ دزانیتن.

5 بە گوێرەی حیسابی ئەبجەدی (مغزسینە) دەبێتە:
1172=5+50+10+60+7+1000+40

والله اعلم بالصواب، تمت ترجمة ليلا مجنوون، كوردى .1274. كتبت لاجل مير ژابا بيگ

کەچی لە بەرهەمەکەی سەوادی، سەوادی دوعا بۆ خۆی دەکات و باسی داستانەکە ناکات.

**6-5.هاوشێوەبوون لە وشە و دەستەواژەکان**

لە چەندین شوێندا، بایەزیدی هەمان دەربڕینی سەوادی بەکارهێناوە، جا ئەمە ئەگەر لە فارسیش وەرگێڕدرابێ، بۆنی ئەوەی لێ دێت کە پێشتر کەوتۆتە بەر کاریگەریی بەرهەمەکەی سەوادی، چونکە لە زۆر دەستەواژە و دەربڕیندا هەمان شتن، تەنانەت دەگاتە ئەوەی نیوەدێر یان دێڕێکی تەواو وەك خۆی دابنێتەوە. بۆ وێنە:

بایەزیدی دەنووسێ:

د وێ ئەییامێدانی ئەز ژی دنێڤا سەرایکی عالی و دنێڤ کۆشك و مەنزلکی دلکەشاء و نەقشدانی ل نك دۆستەکی دل ئاوێز بووم، دلبەر ب شاکی ب کەنارێ دەشت و سەحرایێدانی دفکریم و من نەزەر دکری. ل4

سەوادیش دەڵێ:

القصة د ڤێ بهارێ گول بیز

ئەز بووم ل نك یەکی دل ئاوێز/ ل 40

-کۆتایی ئەم پێشەکییەش هاوشێوەی یەکترن و هەردوو لا داوای بوردن لە کەم و کوڕییەکانیان دەکەن:

**سەوادی دەڵێت:**

من هێڤی هەیە ژ دل ب نووران

گاڤا کو دبینن ئەو قوصووران

ئیصلاح بکن ب نووکێ خامە

دا عەیبی نەکەن مەعیب و خامە

یارەببی ئەڤی نگارێ فاخر

نووبارەئێ باغێ دەورێ ئاخر

مەحفووز بکەی ژ بێ فەصالان

سەطحی و سەقیم و بێ مطالان/ ل 43

بایەزیدیش دەنووسێ:

مە هێڤیە ژ ئەسحابێ کەمال و ئەدراکان کو ئەگەر عەیب و قسوورەکی د ڤی تەرجەمەیدانێ ببینن ئیسلاح بکن و عەفوو بکن.

یاڕەببی تو ڤی نوبارا ئاخیری ژ بێ کەمالان و ژ تەبعێ کیرامان حیفز بکی.. ل 7

هاوشێوەییەکە لە دەربڕینەکانی (مە/ من هێڤی یە، نووبارە) بە ڕوونی کاریگەرییەکە نیشان دەدات.

لە بەشی پێنجەمی نوسخەی سەوادی، کە دوای دیباجەکە دێت و سەرەتای چیرۆکەکەیە وەها دەست پێدەکات:



راوێ عەزیزێ خوەش ریوایەت

ئەڤ قصصە دکر وها حیکایەت

کو ژ مولکێ عەرەب حەمییەنامەك

عالی هیممەت و عەقل تەمامەك

هەمان دەربڕین لە دەستخەتی بایەزیدی هاتووە:

راوییێ خۆش ڕیوایەت ئەڤ قصصەیا وها کر حیکایەت، کو د مولکی عەرەبدانێ میرەکی خوی نام و نیشان و ساحێب ڕەئی و عەقل و نام هەبوو.. ل 7

دەبینین بەشی هەرە زۆری هەمان وشە و دەربڕینن، تەنانەت هەتا چیرۆکەکە تەواو دەبێ ئەگەر کت و مت هەمان وشە و دەربڕینیش نەبن لە ڕووی رووخسارەوە، ئەوا هیچ ڕستەیەکی زیاتر و کەمتری تێدا نییە، بەڵکو ڕستە دوای ڕستە لە ڕووی واتاوە هەمان شتن.

لە پارچەیەکی دیکەی هەمان بەشدا، سەوادی دەڵێت:

فی الحال کەننی و شاد و گەش بوو

فەرخەندە ب شاهی و ژ هەش بوو

حینا وەکو دانیایە عەردی

دەس دا گریێ ب ئاه و دەردی

قەط وی بێ کەچێ نەبوو مەدارەك

ئارام و سوکوونەك و قەرارەك

حاصل بوویە موئنس ئەو ب وی ڕا

جانێ خوە فدا دکر ژ وی ڕا

هەر چی کو هەبوو حەبەك فراسەت

زانی ب درایەت و کیاسەت

ئەلبەتە ئەڤێ زەلیل و مەشغووف

زوو دێ ببتن ب عشقێ مەعرووف[6]

بایەزیدیش دەڵێت:



فی الحال ئەو زارۆك کەنی و شا بوویی تەرکا گری و فەریادی کری. وەقتا کو ئەوی کەچکی ئەو زارۆك ژ کۆشا خو دانیە عەردی، دیسانی دەست ب گری و زاری یە کری یە. خولاسە وسانی مەیلا خوە دایە وی کەچا مەحبووب کو ئەو زارۆك دەمەکی بێ وی کەچی ئارام و سکوون نە دبوو. حاسلی د زارۆکیدانێ ئەسلا ژ وی کەچی جودا نەدبوو و خوە فیدایی وی کەچی دکری، ژ ڤی کەیفییەتی هەر چی کەسێ جوز وی فەهم و فەراسەت هەبوون ئەوا ب درایەت فەهم دکرین، کو ئەڤ زارۆکە دێ ئاخیری بکری تە عاشق و زەلیل ببی و ب عیشقی مەشهوور و مەعرووف ببی و دەین و جنوون ببتن و ژ عار نامووسی دەست بکیشتن. ل12

لە بەشی حەفتەم دا، کە بە ناوی «حیلەسازییا قەیس و لەیلایێ یە ڤەشارتنا جزۆیان و نەظەردانا وان»ە، هەر لە سەرەتاوە بەمە دەست پێدەکات، کە دەتوانین ئەم بەشە لە چەند دەستەواژە و دەربڕینێکی هاوبەشدا نیشان بدەین:

6 بۆ ئەوەی تووشی زۆر دووبارە نووسینەوەی هەردوو تێکستەکان نەبینەوە، بۆ لەمەودوا تەنیا دەستەواژە و دەربڕینە هاوبەشەکان دەنووسینەوە.

هەر دوو ئۆلداشێد/ مرافقێ هەمدەم، شەیدا جەمالا بوون، ئاشکار/ راکرن بوونا ئەسرارێد خوە مودارا. لەورا ئاشکاربوونا موخاطەرە/ خەطەر بوو. سڕ بەلا نەبتن، ئەفسانە، جۆیان، حیلەسازی، طەریقێ شەرطەبازی.. ل(16 و 17).

لە بەشێکی دیکەدا دەربڕینە هاوشێوەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:

غەما ئەلیف و دالان. ئەو هەر دوو د سەیری خەطط و خالان. ئەصلا وی ئەلیف نەهاتە. بڵندا لەیلێ. نوقطە نەدناسیا. خالێ رووخسار. لەوحەك وی هەبوو. لەوحێ یارێ. وەقتێ ژ دەرسێ. مەجنوون دکەتە سوئال و پرسێ. جزیا م کێ هلانی. ئەڤ جزویا دگەل من ئی کی یە من نەزانی. کو دهاتە نك لەیلایێ.

لەمەی سەرەوەدا بە ڕوونی دیارە، وێڕای وشە، نیوەدێر بە تەواوی دووبارەبۆتەوە.

لەم بەشەی کۆتاییدا نەك هەر تەنیا وشە، بەڵکو دەستەواژە و ڕستەش وەك یەك دووبارەبوونەتەوە، تەنانەت یەك دێری تەواو پاتکراوەتەوە. لەوانە: ( (من بعد)، مەچە مەکتەبێ ئەسلا، چوونا تەیا، ئیدی تو ژ مالڤە بدەرڤە بچی و یاخو تەیرەك ژ سەر تە ، دێ ببێژمە بابێ تە و خزم و مامان دا خوونا تە ڤەخۆن و ب تاس و جامان، کەچ عار و، کەچا ل حەموو دەران خەبەر ددتن، عار و ئەدەبا خوە بدەر ددتن، وەکو جەواهیر دکەڤتە دەست حەککاکی. مثقەبەکی پاك کەن دکتن) (دۆسکی، 2004 ، 60-61 .r).

بەشی نۆیەم کە لە دەستخەتەکەدا دەبێتە لاپەڕەکانی 25-29 ، وێڕای پاتبوونەوەی ناوونیشانەکە، وشە و دەربڕینەکانی وەك: لەیلایێ ئەڤ بهستن، گۆ دایێ ئەڤ خەبەر بێ تەرز و بێ مەئالن، ئینساف بکە چ قیل و قالن، توربا مە ژ تە دوور(بەعید) بتن، ڤی تەرزی غەزەب ل کەسی نەبیتن، عیشقا کو تو دبێژی چییە و ب چە تەرز و نەوع و جنسە، تەیرە فریشتە ئینسە ؟ یاخو خوارنکە د وەقت و یاخو گولەکە دنێڤا ڕەزاندانێ/ باغان. وەڵڵا ئەز نزانم کو ئەڤ چ ناڤە، ئەسلا قەت د تو وەقت و زەمانێدانێ/ گاڤ من نەدیتیە، ئەڤ شۆلا کوتو دبێژی ئەز قە تشتەکی ژ وی فەهم ناکم/ نزانم، حەتتا کو ڕەددا جەوابا تە بکم/ بزانم، ئەنجامی/ ئاخر تو دلێ مە بکی خوون، تە ب مە ڕانی قەهرە نها. ئەندیشە و شوبهە بووین . لاکین ژ بۆی ئیحتیاتێ، لەیلا ب تەنێ مایی د نێڤا خانیدانی/ حەصاری. ئەو حوور ژ عاشقی جودا مایی، ب عیشق و فیراق موبتەلا بوویی، ئەو لەیلا ژ عاشقی دوور مایی و زار

و زەعیف و ڕەنجوور. کو ئیدی ب دەرڤە دچوون، ژ دل دنالی، دکالین، خوە کرییە بهانە ، دگەل خەیالا مەجنوونی مایی زار و حەزین. (دۆسکی، 2004 ، 63-65 r.)

بەشی دەیەم کە لە دەستخەتەکەدا لاپەڕەکانی (28-13) دەگرێتەوە، ئەم چەند وشە و دەستەواژانە هەمان دەربڕینی دەقەکەی سەوادین، لەگەڵ ڕەچاوکردنی وەرگێڕانی هەندێك وشە و دەربڕینی عەرەبی بۆ کوردی، بایەزیدی هەندێ وشەی بە عەرەبی نەنووسیوە و کوردییەکەی نووسیوەتەوە. وەك: (وەقتێ/ حینا قەیس ژ لەیلایێ جودابوویی/ ڤەقەتا، حوببا کەس مەیل... سەر مەست و جگەر بوریان/ جگەرسۆز، هەر ڕۆژی فکر و خەیالا وی، دیت وەسل مویەسسەر نابتن/ نەبوو، هەر گاھ ژ فیرقەتێ خولی ب سەر، شین دکری ب گرین و ئاھ ، ناچار ژ دەردان/ هیجرا دگۆت. عوزار و غەبغەب، حوجرە و مەکتەب شین و ماتەمە/ شینخانەیە، زارۆك/ ئەطفال وەکو تێنە دەور و دەرسان، بەحسا دکن ب ئیشارەت/ رەمز و پرسان، ژ دووریا تە خوشحال/ خۆشخوو بووینە، بەلکو جزو ژی سۆر و ڕەش بوونە/ سیەھ روو، هایە و ئەلف ژ دەردان بووینە موویکی. غونچا د ڤی تەیا وەکو میمی دلتەنگ و حەزینە، غونچا حەرفا جیمی ژ غەمێد تە پشتا دالی خوار بوویە، هەر لەحزە/ هەردم دوعایا ویسالی دکتن. خۆزیا ئەز ژ دایێ نەبووما.

بەشی یازدەم لە بەرهەمەکەی سەوادی دا باسی پەنابردنی مەجنوونە بۆ کێوان و ژیانی لەگەڵ زیندەوەران، بەڵام ئەم بابەتە لە دەستخەتەکەی بایەزیدی دا بۆ چەند سەرناوێك دابەشکراوە و لاپەڕەکانی (32-38)ی گرتووە و تێیدا ئەم وشە و دەربڕینانە لە هەردووکیاندا هەمان شتن: ( مەجنوون لیباسێد خوە تەبدیل/ موبەددەل کری، چاڤێد خوە گرێدایی/ بەست، کۆرم. دەربە دەر دگەڕیا، گازی و فیغانێ، فیلحال، ناس، گۆ مرۆڤ خێران ب دەستێ خوە بکتن، مەقبوولترە/ چێترە.بهانە، مەشیایی، سەدەقەیێ بدەتە دەستی دەروێشی. ئیدی عامێ ژ ڤی ئەحوالێ خەبەردار بووین، تازی دنێڤا سووکان، خەلقی ژ شوبباکان، زارۆك/ئەطفال پەی دکتن ددانە بەری دەربان، دێوانە، و لەقەبا وی مەجنوون دانین.

ڕابە و چوویە چیایێ/ کۆهێ نەجدێ، کو چیایکی/ کۆهێ بلند و چووبوویە بەر/ عروجێ ئاسمانان و ل وی چیایی/ تێیدا ژ هەر جنس وحووش ، مەجنوون حەزین و زار و گریان و سینە بوریان، چیایێ/ جەبەلێ هەر دەم کو دکرە، چووی وی چیایی، نەزەر کر/ نێڕی سەییادەکی داڤەك، غەزالکی چاڤ ڕەش/ سیەھ چاڤ، فکری، چاڤێد وی تەشبیھ کری

یە ب چاڤێد لەیلایێ و کەتیە دەرد و بەلایێ/ هەواو مەیلێ.

ل من مننەت بکە، غەزالا ڕها بکە/ کر. ئەو غەزال ژی ئیدی ژ مەجنوونێ جودا نەبووی/ تەرکا وی نەکر. میقدارەکی ژ وی ب دوور ڤە چووین/ میقدراەکی رێ کو چوونە بالا، فکری کەوەکی قەید و بەندێ و مەئیووس مایی/ بوویە، ئەو ژی خەلاس کری/ رەها کری، ئینایی و بخۆرانی ئاشنا کری، حاسلی وحووش و طیور/ دڕندە و پەڕندە.

بەشی دوازدە  لە هەر دوو بەرهەمەکەدا باسی نیگەرانی و غەمگینی دایك و باوکی مەجنوون و شێت بوونی مەجنوونە. لە بەرهەمەکەی بایەزیدی لاپەڕە 38 بۆ لاپەرە 47 ـە. ئەم وشە و دەربڕین و رستانە هاوبەشن، تەنانەت هەندێ جار نیوەدێری تەواو هاوبەشن.

وحوش و طیور، بەحسا مە ل باب و دایێ، بێ وەلەد و برادەر و بێ کەس، ڕابوو چوویە وی چیایێ بلند/ عالی. دفکری، مرۆڤکی/ ئینسانکی تازی دنێڤا/ وێ د ناڤێ، کالەبابی/ کالەباڤی. ڕابە ب من/ مە را بچینە مالان، ئێدی غەم و خەیال مەکە، ئەی والیدێ من بزانە جەوابێ، ئەڤی نادم ب مولك و مالان، ئەی بابۆ/ شێخ ڤان مەتالان مەکە، ڕابە هەڕە جهێ/ مەسکەنێ خوە ئەی پیر، دێوانەمە.



لە دەستخەتی بایەزیدی لێرە بەدواوە بۆ بردنی مەجنوون بۆ کەعبە، کراوەتە ناوونیشانێك، بەڵام لە بەرهەمەکەی سوادی هەر لەگەڵ بەشی دوازدە دایە.

موتیعم، بابی موتیع دیت، شوکر کر، تەوافا کەعبێ، دا ساغ ببی، روحێ/ جانێ خوە ژ بۆی خودێ فیدا کر، ب تەدارەك رابوون چوونە/ گهنە وی مەقامی، گۆ ئەی دل و جان، داخواز بکە ژ رەببێ سوبحان، خودایێ موتلەق رەحمێ بکتن. دەستێ خوە هلانی ب ڤی تەرزی/ ئەڤ رەنگە دوعا دکر و دنالی . رەببی تو من ژ عەقلی حودا بکی، وجودا/ جانێ من د دنێ مەحوو/ فەنا کی. دەردێ من یەکە تو بکە حزار/ هەزار بیتن. هەر بۆی من بەسە خەیالێ دلدار/ مەعشووق. حەزین و پێ قەلشی/ پایێ مەشقووق، داغا دلێ من زێدە هلکی، دلێ من بۆی کول بکی. بابێ سەکرین/ بیستن ئەو عەجایب. زانی کو عیلاج مەحالە و بەتالە. ناچار دەستێ گرت و راکر، طەیێ مەراحیل و مەنازیل کر، ژ قەبیلا/ قەومێ لەیلایێ کەسەك نەدیت/ پە نینە. زانی کو نە یارێ/ حەبیبە، دل سار بوو. جارەك ل غەرب و شەرقێ فکری، وەکی/ شوبهی بەرقێ، وەکو/ تەشبیهی غەزال، حەموو/ مەجمووعێ عەرەب

پەی پەی وی کەتن، نگهانە: نێزیك نبەوون تۆزا وی، ژ نیڤا رێ/ ژ نیمێ راهێ. ڤەگەریان و کرنە شین برینا وان/ هەر بینەك ئاخفت.

بەشی سێزدە لە دەستخەتی بایەزیدی لە لاپەرە 47 بۆ لاپەرە 49 بەناوی (خواستنا لەیلایێ ژ بۆی مەجنوونی و نەدانا وی بابی لەیلایی)یە و لە بەرهەمەکەی سوادی دا بە هەمان شێوە لەگەڵ دەربڕینی جیاوازدا باسی داخوازیی لەیلایە، دەربڕینە هاوبەشەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:

مەجنوون کەتە دامەنا چیایی. سەدایکی را نهایی. کوڤی و طێور لێ جەما بوون. عید کری/ کرن شا بوون. ژ دەردێد لەومان فلتی/ خەلاس بوو. ب هەڤ کەتن خاص و عام، ئەکابر، جێ ب جێ/ جا ب جا روونشتن، پۆشمان.

بەشی چواردە لە لاپەرە 49 دەست پێدەکات تا لاپەرە 53 و باسی ئازادکردنی مەجنوون و بینینی لەیلایە، ئەم وشەو دەربڕینانە هاوبەشن:

رۆژەك د ڤێ حالی، دوو ئولداش/ هەڤال، خۆ گهاندە، جورم چییە؟ خزمێ من کوشتیە، موفلیس، خوونا من ئەو سوئال دکەت، ب ڤی وەسیلەیی/ مەئالێ حاسل دبت. وی رها بکە، بخە گەردنا من، بەرهەڤ بکم/ جەمع بکەم، زنجیر ڤەکری/ درانی، گهایە/ گهشتە کوونێ لەیلایێ، فیغان کرية لەیلایێ دەنگێ سە کری/ بهیستی. هاتە سەیرا وی/ تەماشا لێکرحەیران و موشتاق، فوجئەتەن/ ناگاهـ رەقیبەکی مونافیق، ب قەرینە حال دەرك کری/ زانی. کریە گازی کو ئەڤە/ ڤایە مەجنوون. بگرن و قەتل بکن/ بکوژن. سەرێ خوە بدرانی چوویە چیایێ/ جەبەلی، دیسانی چوویە نیڤا طیور و حوشان.

بەشی پازدە لای بایەزیدی نەکراوەتە ناوونیشان، بەڵام مژارەکە هەمان بابەتی سوادییە کە بێ ئومێدی باوکی مەجنوونە. وشە و دەربڕینە هاوبەشەکان بریتین لە:

رابوویە چوویە چیایێ/ سەرێ جیبالی، دیت کو جناوەر ل دەوری/ ل ئالی. ڕوونشت، ب مەوەددەت و شیرەت/ ب ئوبووەت و نەسیحەت. رابە بچین ریسوایی/ فەزیحەت بەسسە. ژ قیل و قالێ حەییری. قەت/ قە گوهـ نەدایە مەقالی. من و دلبەرێ موافقە، ژ دەستێ لەیلا دچن/ دچوو، خوونا مە ژی جووش دکەتن/ تێتە. بابی ئەڤ عەجیب دی، زانی کو مەحالە.

بەشی شازدە لای بایەزیدی بە ناوونیشانی خواستنا لەیلایێ ژ بۆی ئیبن سەلامی و دانا بابی و دەستگرتن، لە بەرهەمەکەی سوادیشدا هەمان ناوەڕۆکە و دەربڕینە هاوبەشەکانی بریتین لە:

ژ ئەمیرێد/ ئاغاکی عەرەبان خوی/ ساحیب جەواهیر، قەبا/ خەیمە گهاندبوون/ وەکی فەلەکان. فورسەت زانی، قەومێ خۆ/ ئەقوام ڤەخوەند. لەیلایێ ژ بۆی من/ ژ من را بخوازن. بەلێ گۆت. ب رەسم و عادەت دەست راموسان/ دەست بۆسی، مزگین/ موژدە ئینان.

بەشی حەڤدە لە هەردووکیاندا ناوونیشان هەیە و باسی شەڕی نەوفەل دەکات، دەربڕینە هاوبەشەکان بریتین لە:

رۆژەکی ژ وەزیرێ پرسی، مەجنوون کییە/ چ کەسە، ئەحوالێ وی چاوانە/ چسانە ئەحوال.نۆفەل حالی مەجنوون سەر کری/ بهیستی مەحزوون بووی. من ئەزنە نەڤێتن، بالکلیة بێ خەبەر بوو/ کر. گۆ ئەڤ شۆلەکی/ خەبەرەکی مەحالە. رابە هەڕە بێژە میرێ عالی.

هندك ڕازی نەبووی، حاسل دگەل خوە برن، ئەو باعثێ فیتنە.



بەشی هەژدە لە کتێبەکەی سوادی بە ناوی تەزویجا ئیبن سەلامە ب لەیلائێ ل سەر رەغما مەجنوونی ب دەرد و بەلائێ. لە دەستخەتی بایەزیدیشدا: داوەتا ئیبن سەلامی و برنا لەیلایێ و دەست نەدانا وی یە. کە لە کۆتایی لاپەڕە 64 تا لاپەڕە 68ی گرتووە.

دەربڕینە هاوبەشەکان بریتین لە:

لەیلا ب جەمالێ مەشهوور بوو/ بوو مەشهوور. ئەز مامە. دەردێ من دوو چەندە، تو دچی ویسالێ. سوار و پەیا بەردانە. حاسل نەگهانە/ نەگهشتنە. دەه رۆژ بوویە داوەت. ژمێژە.

بەشی نۆزدە لە کتێبەکەی سوادی بەناوی: ماجەرایێ مەجنوون دگەل شڤانێ خێرخواز و غەمخواریا شڤانیە ژ بۆ مەجنوونێ بەلەنگاز. لە دەستخەتی بایەزیدیشدا: گەیشتنا مەجنوونی ل عەیاری پەزی و دیتنا دیا لەیلایێ یە ب پەنهانی بۆتە ناوونیشان و لاپەرە 68 بۆ 70ی گرتووە:

دەربڕینی هاوبەش بریتین لە:

بلوورەك دگۆت/ دگۆ بلوورەك. سڕا خوە، حەتتا سوبەیی هەڤدوو دیتن/ بوونە ناظرێ هەڤ. مەجنوون چوویە/ کەتە نێڤا پەزێ.

بەشی بیستەم لە بەرهەمی سوادی بەناوی: مرنا باڤێ مەجنوونە و هاتنە ویە سەر مەزارێ شادمان. لە دەستخەتی بایەزیدیشدا هاتووە: مرنا باڤێ مەجنوونی و هاتنا وی یە سەر مەزاری ب شایی و کەیف. لاپەڕە 70 بۆ لاپەڕە 72ی گرتووە:

هاوبەشەکان بریتین لە: بابێ/ باڤێ ڕەنجوور. دەهـ ڕۆژان ساحێب فیراش بوویی/ دما د نێڤ نڤینان. (لەم بەشەدا بایەزیدی ناوی کەسێك دێنێ بەناوی زەید هەواڵی مردنی باوکی بە مەجنوون دەگەیەنێ، کەچی سوادی تەنیا بە صەییاد ناوی دەبا بێ ئەوەی هیچ ناوی کەسەکە بهێنێ). ژ چیایێ پیا بوویی/ هاتە خوارێ. شەڤەك ل وێ مای، سوبەیێ مەشیایی. (لەم بەشەدا جیاوازی دەبینرێن، لەوانە لای بایەزیدی هاتنی ئەم سوارە راستییە و خەون نییە، کەچی لای سوادی خەونە و ناوەڕۆکی نامەکەش لە دەربڕیندا زۆر لەیەکتر دوورن.

بەشی بیست و یەك لای سوادی ناوونیشانەکەی:چوونا والیدا مەجنوونە نك وی و بێ ئەمر کرنا وێ یە. کەچی لای بایەزیدی چوونا دا مەجنوونی یە نك وی و بێ ئەمری کرنا مەجنوونی ل دایی یە. لاپەڕە 72 بۆ 74ی گرتووە:

هاوبەشەکان بریتین لە: چاڤ ب دا و خالێ کەتی و دیتن. فیلحال/ پێگاڤ گری. چوویە دەستان. عوزرا خوە خواست/ ڤەخوەست. بابێ تە مەرحووم بوویی: مر. تو مایی. ئەسڵەن جەوابا یەکی نەدایی/ ل یەکی نەبوویە مائل. ڕابوو بەرا/ بەرێ خوە دایە چیایێ/ غارێ. گۆ دایێ تەرکا یارێ مەحالە/ مەحالە تەرکا یارێ. نالی و کەت بێ هش. ئاخری ل چیایێ جان دایی.

بەشی 22 لە بەرهەمەکەی سوادی ناوونیشانەکە ئاوایە: کوشتنا وەحشیانە ئیبن سەلامی و مرنا لەیلایە ب بێ موورادی و زار و ناکامی. کەچی لە دەستخەتی بایەزیدی وا هاتووە: قەسدا ئیبن سەلامی ب قەتلا مەجنوونی و دەفع کرنا کوڤیان ژ سەر وی. لاپەڕە 74 بۆ 77ی گرتووە.

هاوبەشەکان: بەحسا مە ئیبن سەلامی دگەل لەیلایێ. زانی کو سەبەبا ڤی/ ئەوی مەجنوونە. چەندەك ژ ئولداشان هەلدایی/ مورافیقان دخوەستن. قەسدا چیایێ/ جەبەلی کر.

بەشی 23: لە بەرهەمی سوادی ناوونیشانەکە: مولاقیبوونا مەجنوون لەیلێ یە پاشی مرنا لەیلایێ. لە دەستخەتی بایەزیدی: مولاقی بوونیا مەجنوون دگەل لەیلای و خەبەردانا وانن. و بەشی 24و 25 یش لە بەرهەمی سوادی کە کۆتایین لە دەستخەتەکەی بایەزیدی هەر تێکەڵی ئەم بەشەیە و باسی مردنی لەیلا و مەجنوونە.

هاوبەشەکان: موددەیکی/ پێلەك سەککنی. جارەکی بچمە نك/ ئالێ مەجنوون، کانێ ب چە حالییە ئەو جگەرخوون. گۆ هەڕە ببێژە مەجنوونی.

**ئەنجام**

-دەستخەتی لەیلا و مەجنوونی مەلا مەحموودی بایەزیدی، وەك داستانی بە پەخشان نووسراو لەپاڵ مەم و زینی بەشێوە پەخشان، دەبنە یەکەم داستانی بە پەخشان و ئەگەر لەنێو ژانری ئەدەبیشدا ناوی چیرۆکی لێ بنرێ، بە هەمان شێوە لە مێژووی چیرۆکی کوردیی کورمانجیدا دەبنە دەستپێك.

-ئەم وەرگێڕانە لە شێوەی هۆنراو/ نەزمەوە بۆ شێوەی پەخشان وەرگێڕدراوە و لەمەشدا لە مێژووی نەزم گۆڕین بۆ پەخشانی شێوە چیرۆك دەبنە کاری سەرەتا و دەستپێك.



-دەستخەتەکە مەلا مەحموودی بایەزیدی بۆ خاتری میر ژابای کونسوڵی ڕووس لە ئەرزەڕۆم لە ساڵی 1274ی کۆچی بەرامبەر 1857-1858ی زایینی نووسراوە و لە کۆتایی دەستخەتەکە بە ڕوونی ناوی تەرجەمەی لێنراوە، لە دەستپێکەکەشدا وەك بەرهەمەکەی سەوادی ئاماژە بۆ ئەوە دراوە لەبەر نەزانینی زمانی فارسی لەکن کوردان، بۆیە بە پێویست زانراوە کە بە کوردی لەیلا و مەجنوونێك بنووسرێ.

-ئەگەرچی لە سەرەتاوە دەربڕینی تەرجەمەی تورکی نووسراوە، بەڵام توێژینەوە گەیشتە ئەو بۆچوونەی کە هیچ پەیوەندییەکی بە لەیلا و مەجنوونی تورکی و فارسییەوە نییە و کت و مت نەك هەر کاریگەریی سەوادی، بەڵکو بەشی زۆری بەرهەمەکەی لە سەوادییەوە وەرگرتووە. تەنانەت هەندێ نیوەدێر و دێری تەواویشی وەك خۆی گواستۆتەوە.

-لە بە کوردی نیشاندانی هەندێ وشە و دەربڕین بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکەی سەوادی، ئەوە دەبینرێت کە بایەزیدی لە ڕووی پاککردنەوەی زمان لە وشەی بێگانە،

بایەخی بە وشەی ڕەسەنی کوردی داوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کوردیی بەکارهێنانە نیشانەی ئەوەیە بەرهەمەکەی بایەزیدی زیاتر لە سەد ساڵ دوای بەرهەمەکەی سەوادی نووسراوە.

-بەکارهێنانی هاوسەروا/ سەجع لەنێو بەشێك لە ڕستە و دەربڕینەکانی دەقەکە، وێڕای بەهێزبوونی ریتمی دەق، کەوتنە بن کاریگەریی شیعر و دەقی مەنزوومەکەش نیشان دەداتەوە و تەئکید لە نزیکی دەقی پەخشانەکە لە شیعر و سەرچاوەی شیعری دەستخەتەکە دەکاتەوە.

-دەستخەتەکە بۆ فەرهەنگ، داڕشتنی ڕستە و بناغەی فۆلکلۆری کوردی گرنگە و دەتوانرێ لەسەر ئەم دەستخەتە توێژینەوەی تر بنووسرێن.

**Çavkanî**

Adak, A. (2018). Analîzeke kodîkolojîk li ser Leyla û Mecnûnên Sewadî, Bazîdî û Fuzûlî di Koleksîyona A. Jaba ya Destnivîsên Kurdî de, E-Şarkiyat, 3 (10). 1197-1222.

(2014). di edebiyata kurdî ya klasîk de mesnewiyên Leyla û Mecnûnê Wêje û Rexne, 3. 99-119.

Asî, M. (1963), Behsûn Fîl-Cemaliyat Welenwa'il-Edebiye. Beyrût: Darul-Endelus.

Bayezîdî, M. M. (1857). Leyla û Mecnûn. nusxey dîgîtal le erşîvxaney Jaba: kurd 31.

Doskî, T. (2004). Leyla û Mecnûn ya Ḧarisê Bedlîsî. Dihok: Sipîrêz.

Jaba, O. (2010). Ferhengî kurdî- ferensî. Pêşekî û wergêranî pêşekî û dûbare le çapdanewey: Necatî 'Ebdulla. Hewlêr: Ekadîmyay kurdî.

Jahany, P. (2016). Leyla û Mecnûna Sewadî (Metin, Lêkolîn, Şîrove). (Teza masterê). Zanîngeha Mardîn Artuklu, Mardîn.

Özel, A. (2016). Bâyezîdî, Molla Mahmud, TDV İslâm Ansiklopedisi, EK-1.171-172.

Öztürk, M. (2017). Koleksiyona Aleksander Jaba ya destnivîsên kurdî, vekolîn û saloxdan. Ankara: Lîs.

Pîrbal, F. (2000). Mela Mehmûdî Bayezîdî (1799-1860) yekemîn çîroknûs û pexşannûsî kurd. Hewlêr: Aras.

(2002). Mêjûy wergêran le edebiyatî kurdî da le konewe ta 1932 Hewlêr: Çapxaney Wezaretî Perwerde.

Rudenko, M. B. (1961). Opisanie kurdish rukopisy leningradiskii sobranie. Moskova: İzdatelbstvo Vdstdçndy Literaturi.

**دەقی دەستخەتەکە**

کیتاب ترجمة لەیلا و مەجنوونی تورکی

ب زمانێ ئەکراد و کورمانجی

فی 1274

مەلامەحموودی بازیدی

[2]تەرجەما لەیلا ومەجنوونی یە

بسم الله الرحمن الرحیم

پاشی حەمد و ثەنای جەنابێ حەزرەتی باری تەعالا و پاشی سەلاواتێ شەریف ل ڕووحێ حەزرەتی رسول الله علیە الصلاة والسلام و د پشتی موناجات و قەصایدان، مەعلوومە زاتی زەواتی الافهامان ببێ کو د زەمانێ بۆریدانێ ئەڤ کتێبا لەیلا و مەجنوون ب ئەلسینەیێد فارسی و ترکی هەبوون و ئەڤ قصەیا دنێڤا عالەمێدانێ مەشهوور بوو، لاکین تەوایفێد [3] ئەکرادان فەهما ئەلفازێد فارسی و ترکی نەدکرین و مەئالا ڤی کتێبی قنج نەدزانین و خوی زێدە ئیشتیاقا دەرکا ڤی ڕیسالەیی دکرین، بینائەن عەلەیهی:

**سەبەبێ تەئلیفێ کتێبا لەیلا و مەجنوونێ**

د ئەتاجێ وەقتێ بەهاریدانێ کو دنیا سەر ب سەر گولکون و لالە زار بوویی و ئەڤ عالەما مردە کو یا ژ نووڤە ژ فەیزا بادی سەبایێ و ژ نەفخەیا نوورێ بهارێ زیندە بوویی، وجوودا ئینسانی کو ئەو ژی مورەککەبە ژ عەناصیرێد ئەربەعە، ئەو وجود ژی زێدە خوی فەرەح و سروور بوویی و ئەترافێ جەوانیب [4] ژی ب کولیك و شکۆفێد ڕەنگین خەملی بوون. د وێ ئەییامێدانی ئەز ژی دنێڤا سەرایکی عالی و دنێڤ کۆشك و مەنزلکی دلکەشاء و نەقشدانی ل نك دۆستەکی دل ئاوێز بووم، دلبەر ب شاکی ب کەنارێ دەشت و سەحراییدانی دفکریم و من نەزەر دکری. د وێ ناڤێدانی زاتەکی خوبروو ژ ئەحبابان ژۆرڤە دەری ڤەکری، هاتە هوندوروویێ و سلاڤ دایی و ڕوونشت. پاشی کەیف و ئەحوال پرسیانی، مە دەست ب کەلام و تەکەللوم و خەبەردانێ کری [5]هەر دەرەکی خەبەر و بەحس بوویی، مەبحەسا شیعرا و غەزەلیات و کەلامێد مەوزوون بوونێ، کو کەلامێد شاعیرێد ئەهلێ عیرفان قەوی زێدە

سپەحی و مەقبوولن، ئیجاری ئەوی زاتی ئەحبابی قەوی زێدە ئەبرام و ئیلحاح ل ڤی عەبدی عاجزی کری کو ئەلبەتە: تو ژی تشتەکی ب زمانێ کوردی لازمە کو بێژی.

من ژ وی زاتی پرسیار کر، کو مەراما وە چییە؟

ئەوی گۆت قەوی مە ئیشتیاق ب لەیلا و مەجنوونێ هەین، لاکین ب زمانێ فارسییە و ئەم لیسانێ فارسی سە ناکن و فەهما مەتلەبێ ناکن، ئەگەر ب هیممەتا [6]وە ئەو لەیلا و مەجنوون ژ لیسانێ **فارسی** ب زمانێ کورمانجی بێتە تەرجەمە و تەبدیل کرین، قەوی قنج دبتن و کاففەیێ ئەکرادان ژی فەهما مەئالێ ژ وی دکن.

